# ئێمە بەشێکین لەو نارەحەتتی و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە:بنیاد نانی پێکەوە ژیانێکی نێودەوڵەتی

**ڕێخستنی ناتوندڕەوانەی کۆمەڵی هاوڵاتیان لا ویلایاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وە هەلە ڕەخساوەکان بۆ هاتەبایی لەگەڵ عێراق**
**تێری کەی ڕۆکفێلەر**
**خێزانەکانی ١١ ی سێبتەمبەر بو داهاتوویەکی ئاشتی خواز**
**ی کانونی دووەم١٨،٢٠١٧ لە سلێمانی، کوردستانی عێراق (ICSSI) کۆنفرانسی ساڵانەی.**

ڕێگەمبدەن با بە بەسەرهاتێک لەسەر خۆم دەست پێبکەم. لە ١١ ی سێبتەمبەردا خوشکەکەم کوژرا لە هێرشەکانی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک. من چالاکە خوازێکێکی دژ بە توندو تیژی بووم لە زۆربەی ژیانم، وە ڕووداوەکانی ١١ ی سێبتەمبەر و کاردانەوەکانی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوش و سیاسەتمەندارەکانی تر وای لێکردم بترسم کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دوای تۆڵەسەندنەوە و شەڕدا بگەڕێ- وە توندڕەوی بێتە دەرەوە لە توانای دەستبەسەردا گرتنی.

من ویستم ڕێگای ئاشتیانە و ناتوندڕوانە بگرینە بەر- وە من زۆر بەختەوەر بووم کە بینیم ئەو خێزانانەشی کە ئەندامەکانیان کوژران لە ١١ ی سێبتەمبەردا بە هەمان شێوە بوون. پێکەوە ڕێخراوی خێزانەکانی ١١ی سێبتەمبەر بۆ داهاتوویەکی ئاشتی خوازمان پێکهێنا. ئێمە ئاگاداربووین کە سەرکەوتوو نەبووین، کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە تایبەتی عێراق لە ململانێی بەردەوامی شەڕ و تونڕەوییایە کە ئێمە لێی دەترساین کە بێت بەدوای ١١ ی سێبتەمبەردا. من ئەمەوێت داوای لێبووردن بکەم بۆ ئەو شەڕەی وڵاتەکەی من تووشی عێراقی کردوە- ئەمە کاری چالاک خوازێکی ماندوو نەناسە بۆ وەستانی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، داوای لێبوردن دەکەم.
بەڵێ ئێستاش باوەڕی تەواوم هەیە کە ناتوندڕەوی ئەو ڕێگایەیە کە دەبێت بیگرینە بەر وە وەک کۆمەڵی چالاکخوازان کار بکەین بۆ تەبایی و پێکەوە ژیان. لەبەر ئەمە من پێمخۆشە و سوپاس گوزارم کە لێرەم بۆ ئەوەی فێرببین چۆن پێکەوە کار بکەین بۆ کۆتای هێنان بە نادادپەروەری لە وڵاتەکانماندا، وە بونیادنانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا ئاشتی و ڕێزگرتن بەردەوامە بۆ ماف و بەهاکانی هەمووان.

قسەکانی من تیشک دەخاتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەندێک لەو شتە تۆقێنەرانەی کە پەرەی سەندوە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانماند- وە هەروەها ئەو خۆپیشاندنە بەناوبانگانەی کە کۆمەڵگەی هاوڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردویانە کە وەک ئاماژە بووە بۆ هەنگاوێک بەرەو گۆڕانکاری بە شێوەیەکی ناتوندڕەوانە.

با یەکەمجار ئەو شتانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەی سەندوە بخەمە چوارچێوەی دەقی نێودەوڵەتییەوە. ڕێخراوی مافەکانی مرۆڤ، بە ناوی ئەمنستی نێودەوڵەتیەوە تیشکی خستۆتە سەر دوو شتی باو لە جیهاندا:

١- سەرکوتکردنی کۆمەڵگەی هاوڵاتیان لە لایەن حوکمەتەوەلە هەموو شوێنێک لە جیهاندا.هەموو جێگەکان بۆ ڕێخراوەکان، بۆ خۆپیشاندنەکان، و بۆ ئازادی قسەکردن و میدیای ئازاد بچوکتر و بچوکتر ئەبێتەوە لە زۆربەی جێگەکاندا.

٢- دووهەم گەورەترین کێشەی ئاوارەکان و ئەو کەسانەی کە دووخراونەتەوە لە ماڵەکانیان لە جەنگی جیهانی دووەمەوە. کە ئەمە ئەنجامی سەرەکی توندڕەوییە لە زۆربەی شوێنەکان. وە کۆچکردنی زۆری خەڵک بەهۆی گەرمبوونی زەوی و کێشە ژینگەییەکان- بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.

کاتێک سەیری ئەم دوو شتە باوە دەکەین سەرکوت کردنی هاوڵاتیان و ژمارەی زۆری کۆچبەران و ئاوارەکان

زۆر ڕونتر دەبێت بۆمان کە ئێمە وەک چالاکخوازان سەرکەوتووتر و کاریگەرتر بین لە پێکەوە وەستان بۆ داواکردن و بەرگری کردن لە مافەکانمان، و وەستاندنەوە دژ بە هەموو ئەو هێزە حوکمی و ناحوکمیانەی کە بەکاردێن بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتیان، و بڵاوکردنەوە و پشتگیری کردن لە دادپەروەری و چارەسەری ئەو کێشانەی کە پاڵ بە خەڵکەوە ئەنێ بۆ بوون بە ئاوارە لە وڵاتی خۆیان و جیهاندا.
هەموو ئەمانە ڕوودەدەن لە چواچێوەی بە جیهانکردنی ئابوری وڵاتان کە تیایدا قۆستنەوەکانی کۆمپانیا جیهانییەکان پێش مافاکانی هاوڵاتیان، وخێزانەکانمان و کۆمەڵگاکانمان، و دروستی ژینگەکانمان دەکەوێ. لێرەدا نادادپەروەرییەکی بەردەوام لە گەورەبووندایە لە سامان و سەروەتدا. دەوڵەمەندەکان پارێزراون لە ئەنجامەکانی شەڕ و توندڕەوی و بگرە سودیشی لێ ئەبینن.

ئێستا ئەگەر سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەین دەبینین هەڕەشەیەکی گەورە هەیە لەسەر ڕێخراوە ناتوندڕەوەکانی کار دەکەن بۆ ئاشتی. وە زۆر شت وتراوە لەبارەی هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی. بە بڕوای من چوار خاڵ هەیە بۆ جەخت خستنە سەر:
١. ئێمە دەبێت زۆر بترسین. دۆناڵد ترەمپ زۆر نەزان و چاوەڕواننەکراوە. وە هیچ تاقیکردنەوەیەکی لە سیاسەت و دیبلۆماسی نێودەوڵەتیا نییە.
٢. ئەو کەسانەی کە ترەمپ خستویەتنە سەر کورسییەکان زۆر بیرو باوەڕی ترسناکیان هەیە. ئەوان دژ بە موسوڵمانانن. وە دژ بە کۆچبەرانن. هەندێکیان بە ئاشکرا ڕەگەز پەرستن و دژ بە مافی یەکسانی ژنانن. هەندێکیان پشتگیری لە چەوساندنەوە و بەزاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەن.
٣. بەڵام زۆربەی ئەمەریکیەکان کە دەنگیان دا دەنگیان بۆ ترەمپ نەدا. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ویلایەت بە ویلایەتە، نەوەک هەڵبژاردنی زۆرینە، ترەمپ زۆربەی دەنگەکانی بە دەست نەهێنا. وە زۆربەی خەڵک دەنگیان نەدا.
٤. لە کۆتایدا، کاتێک کە خۆم ناتوانم بە هیچ جۆرێک پێشبینی دەنگدانم بکەم بۆ ترەمپ، لەو بڕوایەدام کە ئەوانەی کە دەنگیان بۆ داوە بێزار بوون لە سیاسەتە باوەکانی واشنتۆن. وە باوەڕیان وا بووە کە ترەمپ شتێکی تازە و جیاواز دەکات. هەندێک لەم کەسانە ئەیانتوانی پشتگیری لە کۆمەڵی هاوڵاتیان بکان بۆ گۆڕانکاری.

ئەبێت بە ڕاشکاوانە بدوێم لەسەر ئەمریکا چونکە وڵاتی منە، وڵاتێکە خۆشمدەوێت. وڵاتێکە هانی خەڵك دەدات بۆ گەڕان بەدوای ئازادی و دیموکراسی دا. پێشوازی لە خەڵکی هەموو جیهان دەکات بۆ ئەوەی ببن بە هاوڵاتییەکی ئەمریکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بنیات نراوە لەسەر توندوتیژی و دزینی زەوی ئەمریکییە ڕەسەنەکان کە لەوێ ژیاون- نادادپەروەرییەك کە هەرگیز ڕاست ناکرێتەوە. هەروەها ئەمریکا، ئەفریقییە ڕەش پێستەکانی کرد بە کۆیلە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە، وە ئەمڕۆ هاوڵاتیانی ئەمەریکی بە ڕەگەز ئەفریقی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر ستەم و جیاکاریان بەرامبەر دەکرێت لە لایەن پۆلیسەوە. هەموو ئەم مێژووە، چ باش و چ خراپ، بەو مانایە دێت کە لە ئەمریکادا چالاکوانەکان پێویستە زیاتر کەسانی خۆد-ڕەخنەگر بن سەبارەت بەوەی کە ئێمە چۆن لە ئەمریکا شکست دەهێنین لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێسایانەی کە ئێمە دەڵێین جێبەجێیان دەکەین.
چالاکوانانی ئەمەریکی دەبێت زیاتر باس لەو جیاکارییانە بکەن کە بوونیان هەیە لە ناو کۆمەلگەکەماندا. بەزۆری، ترسی دابەشبوون ئێمە- ترسە لەوانەی کە دین و ئاینێکی جیاوازیان هەیە، یان خاوەن ڕگەزێکی جیاوازن، یان نەتەوەیەکی جیاوازیان هەیە، وە یان ترسە لە کەسانی بیانی و پەنابەران.
بە بۆچوونی من یەکێك لە گەورەترین بەرەنگاربوونەوەکان کە پیویستمانە بۆ بنیاتنانی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بریتیە لە بنیاتنانی پردێك لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان، بۆ ڕێکخستنی دیالۆگ کە دەبێتە هۆی لە ناوبردنی ترس کە هەندێ لە بەرپرسە حکومییەکان پاساو دەهێننەوە بۆ سنورداركردنی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ.
چەند نیشانەیەك هەن کە بۆردێکی بزوتنەوە بۆ دادپەروەری و دژی توندوتیژی لە ئەمریکا هلە گەشەکردندان. لە نیو هەموو ئەو هەواڵە توقێنەرانەی هەڵبژاردن، دژایەتی کردنی (چوونە ناوەوەی بۆری نەوتی داکۆتا) کە لە لایەن ئەمریکییە ڕەسەنەکانەوە بەڕێوەچوو لە (ساندینگ ڕۆك) بوو بە سەرچاوەیەکی گەورەی هیوا.
ئامانجی نارەزایەتییەکە وەستاندنی دروستکردنی هێڵی بۆرییەکی نەوت بوو لە ژێر ڕووباری ( میزوری)دا، کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاودێرانی هەرێمێکی گەورەی خۆرئاوای ئەمریکایە. نارەزایەتییەکە تایبەت بوو بە

ئەمریکییە ڕەسەنەکان، کە خاوەن دابونەریتێکی تایبەتن بەڵام سەرکردەکانی گردبوونەوەکە بەخێرهاتنی ئەو کەسانەشیان دەکرد کە خاوەن ئاینێکی جیاواز بوون وە یان هیچ ئاینێکیان نەبوو. خۆپیشاندانەکان بەتەواوەتی نا توندوتیژانە بوون- لە ڕاستیدا سەرکردەکانی خۆپیشاندانەکە دەچوون و باوەشیان بۆ ئەو کەسانەش دەکردەوە کە دەیانویست بۆری نەوتەکە دروست بکرێت چونکە لەوانەبوو کارێکی کاتییان دەست بکەوتایە.
ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە هەوڵی دیالۆگیان دەدا سەبارەت بث ئەڵتەرنەتیف کە سوودی بۆ هەموو لایەك دەبێت.
دروشمی خۆپیشاندانەکەی ( ستاندینگ ڕۆك) بریتی بوو لە " ئاو ژیانە" لە کاتێکدا سەیری خۆپیشاندانەکەم دەکرد نەم دەتوانی یارمەتیان بدەم بەڵام بیرم لەو کارە دەکردەوە کە چالاکوانی کەمپینی ( پاراستنی ڕووباری دیجلە) کردیان لە عێراق وە چۆن ئەم دوو بزوتنەوەیە دەتوانن پاڵپشتی یەکتری بکەن. لە ئێستادا دروستکردنی بۆڕی نەوتەکە ڕاگیراوە- بەڵام ئێمە نازانین کە ئیدارەکەی (ترەمپ) دەبێ چی بکەن.
لە کاتێکدا کە من لێرەم لەگەڵ ئێوە، خەڵك لە (واشنتۆن) و (دی سی) خۆیان ئامادە دەکەن بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی دەست بەکاربوونی (ترەمپ)- بەتایبەتی دژی دەستەواژەکانی؛ ڕق لێبوونەوە، توندووتیژی، جەنگ، ماف، وە نا دادپەروەری کە لەوانەیە ترەمپ و دامەزراوەکەی بەکاری بهێنن.
ڕۆژێك دوای دەست بەکاربوونی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گردبوونەوەیەکی گەورە بەڕێوە دەچێت بۆ پاڵپشتی کردنی مافی ژنان لە واشینتۆن، دی سی، نیۆرك، سان فرانسیسکۆ، لۆس ئەنجلس، فیلادلفیا، بۆستن، و شوێنەکانی تر. هیوادارم ئەم گردبوونەوانە کاریگەربن وەك خۆپیشاندانە هێمنانەکەی عێراق و کوردستان لە ماوەی ساڵی ٢٠١١ دا.
ئامانجی ئێمە لە ئەمریکا بنیاتنانی " بزوتنەوەیەکی جوڵاوە" کە دژی نا دادپەروەری، ڕەگەز پەرستی، کردار دژی موسڵمانان، سێکسیزم، وە هەژاری دەبێت.
هەروەها ئەمەش وەك چالاکوانی ئاشتیخواز دژ بە توندوتیژی پێکەوەمان دەبەستێتەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو نا دادپەروەرییانەی کە بەهۆی جەنگەوە سەریان هەڵداوەو ئەمریکا لە هەموو جیهاندا شەڕیان لە دژ دەکات. بە تایبەتی تر ئێمە دژی پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانی سەربازین و پاڵپشتی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەی و تەندروستی و پێویستییەکانی تری مرۆڤایەتیین وە هەوڵ بۆ پاراستنی ژینگە دەدەین. جەنگی بێ کۆتا ملیۆنەها ژیان و ترلیۆنەها دۆلاری خەرج کردووە، لە کاتێکدا پێویستییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەرچاو نیە.
سەرجەم خەرجییە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٧ دا (٦٢٠) بلیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت، لە کاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها داوای ( ٥٥٠ ) ملیۆن دۆلار دەکات بۆ یارمەتیدانی قەیرانی دارای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا، و ئەورووپادا.
کۆتای هاتنی هێرشکردنەسەر موسڵمانانی ئەمریکا، کە بەشێوەیەکی تۆقینەر لە بەرز بوونەوەدایە، گرنگە. هەر خراپەکارییەك دژی مافی مەدەنی موسڵمانە- ئەمریکییەکان ئێمە دەخاتە مەترسییەوە لە ڕووی سەلامەتی و مافەکانمانەوە.
ئێمە وەك چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانین چی بکەین بۆ بەرزکردنەوەی بەردەوامی ئاشتی؟
مەبەستمان لە پشتگیری چییە؟

- هەندێ جار پێویستە باشتر لەو کێشانە بگەین کە هەر تاکێکمان ڕووبەڕووی دەبینەوە لە بەشە جیاوازەکانی جیهان و وڵاتە جیاوازەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.
- بەڵام، کاتێك کۆمەڵگەیەك یان کەسێك هەڕەشەی لێدەکرێت، بۆ نمونە کاتێك ڕۆژنامەوان (ئەفراح شەوقی ئەلقەسی)، کە ڕەخنەی لە گەندەڵییەکانی حکومەتی عێراقی گرت، ڕفێندرا- ئێمە پێویستە میکانیزممان هەبێت بۆ یارمەتیدان و پاراستنی هەر یەکەمان.
- هەروەها، ئێمە دەبێت چەند بزوتنەوەیەك دابمەزرێنین کە پاڵپشتێکی باشیان هەبێت لە ناو کۆمەڵگادا، وە بەتایبەتی دڵنیاببینەوە لەوەی کە ژنان و لاوان هەلیان پێ بدرێت بۆ هەبوونی ڕۆڵی سەرکردایەتی لە ناو ئەو بزوتنەوانەدا.

ئەم پرسانەوە چەندەها پرسی تریش دەبنە هۆی ئەوەی کە گفتوگۆیان لەسەر بکەین ئەمڕۆ. خۆم زۆر بە خۆشحاڵ دەزانم کە لەگەڵ ئێوەم. من بە جۆشەوە بەشدار دەبم لەو کارەی کە دەیکەین و هاوبەشی پێدەکەین.